# مەسەلەی ژنکوشتن و شەرەف ونامووس پەرستی لە ئەدەبی جیهانیدا

## تۆڵستۆی، مۆلێر، بەلزاک، لۆرکا، مارکیز

**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

مەسەلەی ژنکوشتن و شەرەف وناموسپەرستی ، یەکێکە لەو کێشانەی کەبەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان پێوەی دەناڵێنێت. دیارە ڕێژەی ئەم کێشەیەش لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. بەگشتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ژێرخانێکی سەرمایەداریان هەیە، بەرێژەیەکی کەمتر ئەم کێشەیان هەیە. وەلێ ئەو کۆمەڵگایانەی کەهێشتا لە قۆناغی کشتووکاڵی و بازرگانی مووشەخوردان، ڕێژەی ئەم کێشەیەیان زۆرە. دیارە هەر توێژێکی کۆمەڵگاش بۆچوونی تایبەتی خۆی بۆ ئەم کێشەیە هەیە. سیاسیەکان بە پێی بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بۆ ئەم کێشەی دەڕوانن ، پیاوەئاینیەکانیش بەشێوەی خۆیان . لەبەرامبەردا نووسەرانیش بە شێوازێکی جیاوازتر سەیری ئەم کێشەیە دەکەن . ماوەیەکی زۆریش کەڵە نووسەرانی جیهان خۆیان بەم کێشەیەوە خەریککردووە. لەهەمانکاتیشدا توانیوویانە ئەم بابەتە گرنگە ، بکەنە بەرهەمێکی مەزنی ئەدەبی و خەڵکی سوودی لێوەربگرێت. بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش کۆمەڵگای کوردی بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنێت، ڕۆژانە هەواڵی کوشتنی ژنان دەبیستین . بەهەزارەها چیرۆکی گەورە ڕوویداوە، کە نەمانتوانیوە ئەم چیرۆکانە بپارێزین و بیانکەینە ڕۆمان یان چیرۆک. ڕاستە لە ڕووی شیعرەوە بەرهەمێکی باشمان هەیە، وەلێ لەڕووی ڕۆمان و چیرۆکەوە ، هیچ بەرهەمێکی وامان نییە ، کە جێگای باسکردن بێت . من لێرەدا هەوڵ دەدەم لێکۆڵینەوەیەکی بچووک دەربارەی بەرهەمی چەند نووسەرێکی مەزنی جیهان ( تۆڵستۆی، مۆلێر،بەلزاک، لۆرکا، مارکیز) بکەم . دیارە گەربمانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکەین ، پێویستمان بەچەندین کتێب هەیە ، هەتا لەم مەسەلەیە بگەین .

لەیەکێک لەرۆژەساردەکانی دیدسەمبەری ساڵی پاردا، لەکتێبخانەیەکی شاری مانهایم ، چاوم بە کتێبێکی نایابی تۆلستۆی کەوت. دیارە ئەم کتێبەش لەگەڵ چەند کتێبێکی تردا ، لەلیستی ئەوکتێبانە دانرابوون ، کە بۆ دیاری سەری ساڵ دەفرۆشان. هەمووکاتێک ئەورووپیەکان لەکۆتایی ساڵدا ، دیاری پێشکەش یەکتری دەکەن. دیارە کتێبیش باشترین شمەکی دیاریە لایان. هەربۆیە هەمووکاتێک لەم کاتەدا ، کتێبخانەکان ، عەرزی باشی کتێب دادەنێن.

یەکێک لەکارە جوانەکانی تۆلستۆی چیرۆکی ( کرۆیتسێرسۆناتە) یە . ئەم کارەی تۆلستۆی ، لەتەمەنی 63 ساڵیدا ، لە 26 ئۆگوستی 1889 لەگوندی **Jasnaja Poljana** نزیک مۆسکۆ نووسیویەتی . هەر زوو سەرۆکی کەنیسەی مەزنی ئارتۆدۆکسی ڕووسی لە پتریسپۆرگ ، ئاگاداری ناوەڕۆکی چیرۆکەکە کرایەوە. ئەویش یەکسەر فەتوای لەدژی ئەم چیرۆکە دەرکرد و لەتەواوی ڕووسیادا قەدەغەکرا. هەربۆیە بەناچاری لە ساڵی 1890 لە ئەڵمانیا چاپکرا. تۆلستۆی ئەم چیرۆکەی پاش شاکارە گرنگەکانی ( **ئانا کارینا، جەنگ وئاشتی** ) نووسیوە. واتە لەکاتێکدا نووسیویەتی ، کە خاوەنی ناوبانگێکی ڕووسی و جیهانیش بووە.




## ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە

**( لە یەکێک لە رۆژەکانی سەرەتای بەهاردا، لەناو یەکێک لەفارگۆنەکانی شەمەندەفەرێکدا، دوورۆژی رێک بەرێوەبووین . رێبواران لە وێزگەیەک سەردەکەوتن لە یەکێکی تردا دادەبەزین . تەنها من و سێ رێبوارنەبێت، کەهەتا کۆتایی پێکەوبووین ..لاپەرە 5 )**
ئابەم شێوەیە سەرەتای چیرۆکەکەمان بۆدەگەرێتەوە. دووپیاو ، یەکێکیان بازرگان ، ئەویتریان پیاوێکی مۆن و تەمەن چل ساڵە، لەگەڵ ژنێکی کەمێک بەتەمەن ، کەلە چینە بەرزەکان بوو. جارجارە جگەرەی دەکێشاو ، پالتۆیەکی گەورەی لەبەردابوو. سەرەتای چیرۆکەکە بەگفتووگۆیەکی گەورە لەمەر پرسی ژنان و خێزانەوە دەستپێدەکات. ژنەکە بەهەمووشێوەیەک پشتگیری ژنان دەکات ،Posdnyschew کەپاڵەوانی چیرۆکەکەیە ، دژی ژن و خێزان قسەدەکات.
پاش ئەم گفتووگۆیە ،Posdnyschew دەستدەکات بەگێرانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی . باسی چۆنێتی ژنهێنان و خۆشەویستی خۆی دەکات . پاشان باسی گۆرانی ژیانیان لەگەڵ ژنەکەی. چۆن حەزی موزیکی ژنەکەی ، ژیانیان تێکدەدات. پاش ئەوەی ژنەکەی مامۆستایەکی موزیک دەناسێت، کەناوی .Truchatschewskij دەبێت . یەکێکە لە هاورێکانی خۆی . کاتێک ئەم پیاوە دێتەناوژیانی ئەم خێزانەوە، بەتەواوی باری دەروونی Posdnyschew تێکدەچێت. سەرەتا بەگوومان پاشان دەبێتە یەقین و دڵی لەژنەکەی پیس دەکات . کاتێک رۆژێکیان لەسەفەر دەگەرێتەوە، سەیردەکات پاڵتۆکەی Truchatschewskij لە دۆڵابەکە هەڵواسراوە. کەدەچێتە ژوورەوە لەگەڵ ژنەکەیدا دەیبینێت، تەواوتێکدەچێت. سەرەتا ژنەکەی دەیەوێت هێوری بکاتەوە. بەڵام سوودی نابێت. پەلاماری چەقۆ دەدات و هەردووکیان دەکوژێت. پاشان پۆلیس دەیگرێت بەڵام دادگا ئازادی دەکات. لێ هەمووژیانی دەبێتە زیندانێکی گەورە. بەجارێک ژیانی تێکدەچێت و، ئازاری کوشتنی ژنەکەی وازی لێناهێنێت. تۆلستۆی لەزمانی دووەمەوە، چیرۆکەکە دەگێرێتەوە. واتە کەسێک گوێی بۆقسەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە گرتووە . لەهەمان کاتیشدا پشت بە هونەری فلاش باگ دەبەستێت ، بۆگێرانەوەی رووداوە سەرەکیەکانی چیرۆکەکەی.

## مەسەلە گرنگەکانی ئەم چیرۆکە

تۆلستۆی لەم چیرۆکەدا ، چوار پرسی گرنگی تێکەڵاوکردووە. یەکەمیان دڵپیسی(غیره) پیاو لە ژن.دووەمیان خۆشەویستی. سێیهەمیان کاریگەری مۆزیک بەسەر مرۆڤەوە. چوارەمیان مەسەلەی ژن. تۆلستۆی لەرێگای ئەم چوار تەورەوە، دەیەوێت کاریگەری هەرچواریان بۆسەرکەسایەتی مرۆڤەکان روونبکاتەوە. هەر ئەو غیرەو دڵپیسیەیە ، لەحاڵەتێکی مرۆڤانەوە ، دەمانکاتە

درندەیەکی شەیتانی ، کەئامادەبین گەورەترین هەڵە بەرانبەر خۆشەویسترین کەسمان بکەین. لەهەمان کاتیشدا هەر سیحری خۆشەویستیە ، کە دەتوانێت مرۆڤەکان بگۆڕێت . Posdnyschew کەپاڵەوانی چیرۆکەکەیە. دەڵێت :

**( هەتا ژنەکەم نەناسی ، گەنجێکی خوێری بووم ، هیچ گوێم بەژیان نەدەدا. هەرگیز بیرم لە داهاتوو، لە کەسێکی تر نەدەکردەوە. هەمووکاتێک خەریکی جگەرەکێشان و ئارەق خواردنەوەبووم. بەڵام کە ژنم هێنا تەواوگۆڕام .ل 23 ).**

هەر سیحری موزیکیشە ، کە ژیانی ژنەکەی گۆڕاند. لەژنێکی بەڕێزەوە بۆ ژنێکی خیانەتکاری گۆڕی . لێرەدا تۆلستۆی ڕۆڵی موزیک بەسەر سێکسەوە دەردەخات . چۆن موزیک دەتوانێت ، حەزە سێکسیەکانی مرۆڤ بجووڵێنێت. هەرناوی چیرۆکەکەشی ، بەناوی یەکێک لە کارەمەزنەکانی موزیکژانی گەورەی جیهان بێتهۆڤن داناوە. دیارە جگە لەم باسانەش، باسێکی گرنگی تر کە بەلای منەوە زۆر پێویست بوو، مەسەلەی ژنانە. هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە ، بە کۆمەڵێک گفتووگۆی گرنگ دەربارەی پرسی ژنان دەستپێدەکات .

Posdnyschew لەپاش کووشتنی ژنەکەیەوە کۆمەڵێک بۆچوونی نێگەتیڤی بەرامبەر ژن پەیدا دەکات.

**( پیاو پێویستە ژن ڕابگرێت دەنا لەدەستی دەردەچێت.**

**/ ژن پێویستە لە مێردەکەی بترسێت.**

**/ خوێندنی ژنان ، ماڵی ئێمەیان وێرانکرد.**

**/ تەنها دەبێت پیاو ئازادبێت.**

**/ ژن و مێردایەتی لەم ڕۆژانەدا بریتیە لە درۆ.**

**/ ئێمە تەنها لەبەرچاوی خەڵکی خێزانین ، دەنا هەر لە دووەم مانگەوە ڕقمان لەیەکتری دەبێتەوە . لاپەرەکانی 6 بۆ 20 )1.**

دیارە ئەم قسەوباسانەش ، هەتاوەکوو ئەمرۆش لەناوکۆمەڵگای کوردیدا دەکرێت. زۆرن ئەوپیاوانەی کەبەم جۆرە سەیری ژنان دەکەن . زۆرن وەکوو Posdnyschew هەرچی ڕقی خۆیانە ، دەیانەوێت بەژنانی برێژن. دیارە لە رووسیاش سەردەمانێک، ئەم قسەوباسانە زۆر لەمەجلیسەکانی گەرمکردۆتەوە.

## گرنگی ئەم چیرۆکە بۆ ئەمڕۆی ئێمە

ئەو قسەوباسانەی کەلەم چیرۆکەدا دەکرێت، ڕۆژانە لەناو هەموو مەجلیسێکی ئێمەدا دەکرێت. بەداخەوە ڕۆژانە گوێمان لە سەدان چیرۆکی وەکوو ئەمەی Posdnyschew دەبێت. بەڵام بەداخەوە بەحوکمی ئەوەی ئێمە ، نووسەرێکی مەزنی وەکوو تۆلستۆیمان نییە، هەربۆیە هەمووچیرۆکەکان لەگەڵ تەرمی پیرۆزی ئەوژنانەدا ، دەخرێنە ژێرگڵەوە. هیوادارم لەداهاتوودا ئەم چیرۆکە بکرێتە کوردی، چونکە هەم باسەکە گرنگە ، هەمدیسان بە یەکێک لەجوانترین ومەزنترین کاری تۆلستۆی دەژمێرێت.



## چەند دێرێک لەسەر ژیانی تۆڵستۆی

**Leo N. Tolstoi**

لەیەکێک لە خێزانە ئەرستۆکراتیەکانی رووسیا لە 28 ئۆگوستی 1828 لە دایک دەبێت. سەرەتا لەزانکۆ زمانی رۆژهەڵاتی دەخوێنێت. پاشان وازلەو دەهێنێت و دەچێت یاسا دەخوێنێت. بەڵام ئەمیش تەواوناکات. خۆبەخشانە دەبێت بەسەرباز لە سووپای قەوقازی رووسیدا. لە ساڵی 1851 دا سەرەتای تێکەڵاوی دەبێت لەگەڵ جیهانی ئەدەب. لەساڵی 1857 واز لە سووپا دەهێنێت. ساڵی 1862 **Sofja Andreevna Bers** دەهێنێت. کەکچی دکتۆرێکی ناوبانگی رووسی دەبێت. لە ساڵی 1863 بۆ 1869 رۆمانە مەزنەکەی ( جەنگ و ئاشتی ) دەنووسێت. لەپاش ئەم رۆمانەوە ، شۆرەتێکی گەورە پەیدا دەکات. لەساڵی 1901 وە لەچەپەکان نزیکدەبێتەوە. لەساڵی 1908 پەیامێکی سیاسی لەدژی لەسێدارەدان دەنووسێت. لە28 ئۆکتۆبەری ( رۆژی لەدایکبوونی ) ساڵی 1910 ،ماڵەوە بەجێدەهێڵێت. لە 7 نۆڤێمبەردا لە وێزگەی شەمەندەفەری **Astapovo.** لەبرس و سەرمادا دەمرێت.

دەربارەی ژیانی تۆلستۆی سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە.
http://www.die-leselust.de/buch/tolstoi_kreutzersonate.htm

# مۆلێر



زۆر لەنووسەرانی جیهان ، فەرەنسا بە مەککەی خۆیان دادەنێن. بەشێکی زۆر لەرەخنەگرانی ئەدەبیش پێیان وایە هەرکەسێک بیەوێت شارەزایی ئەدەب بێت، پێویستە ئەدەبی فەرەنسی بخوێنێتەوە. چەند ئەدیبێکی ڕادیکاڵیش پێیان وایە ، هەرکەسێک ئەدەبی فەرەنسی نەخوێنێتەوە، لەئەدەب تێناگات. دیارە منیش وەکوو عاشقێکی ئەدەبی فەرەنسی ، ماوەیەکی زۆرە خۆم خستۆتە ناودەریای رۆمان و، ڕووباری شانۆ، زەریای شیعری فەرەنسیەوە. سەرەتا هۆگۆم ناسی ، پاشان ئاشنایەتیم لەگەڵ مۆلێر پەیداکرد، دواتریش بەلزاک و زۆلا و دوومام خوێندەوە. من خۆشم نازانم چۆن ئەم هەموو شاکارە مەزنە ئەدەبیە ، لەم گەلە دەرچووە. ئەوەی لەفەرەنسا ژیابێت ، زۆرجار دەکەوێتە شکی ئەوەی ، کەئەو هەموو رووناکبیر و نووسەرە مەزنەی جیهان ، لە فەرەنساوە هەڵقووڵابن . چونکە کاتێک تۆ لەو وڵاتە دەژی ، لەگەڵ خەڵکی فەرەنسی تووشی شۆکێکی سایکۆلۆژی دەبیت . ئەوەی لە کتێب دەربارەی ئەم وڵاتە خوێندوومانەتەوە ، لەگەڵ واقعدا ، عەرزو ئاسمانی فەرقە. بەهەرحاڵ بازۆر لەبابەتە سەرکیەکەمان دوونەکەوینەوە، ئەویش مەسەلەی ئەدەب و شەرەف و ناموس پەرستیە. دیارە لەئەدەبی ئەمرۆی فەرەنسیدا ، ئەم مەسەلەیە هیچ بوونی نییە، وەلێ هەتا سەردەمانێکی زۆر ، پانتایەکی ئێجگار باشی داگیرکردووە. دەتوانم بڵێم هەتا پاش جەنگی دووەمی جیهانیش ، ئەدەبیە فەرەنسیەکان باسی ئەم مەسەلەیان کردووە. وەلێ لەپاش شۆرشی 1968وە ، ئیتر ئەم مەسەلەیە بەتەواوی ماڵئاوایی لەفەرەنساو ئەوروپا کرد. من هەوڵ دەدەم بەکورتی باسی نووسەرێکی مەزنی فەرەنسی( مۆلێر) بکەم ، کەئەم مەسەلەیە پانتایەکی باشی لەکارەکانی داگیرکردووە.

**مۆلێر**

مۆلێر بەباوکی ئەدەبی فەرەنسی دادەنرێت. هیچ کەسێک ناتوانێت رۆڵی گرنگی ئەم نووسەرە مەزنەی فەرەنسا لەبەرچاونەگرێت. بەشێوەیەک زۆجار کەسێک باسی زمانی فەرەنسی بکات ، دەڵێت ( منیش زمانی مۆلێر دەزانم ) . مۆلێر جگە لەوەی شانۆنووسێکی مەزن بوو، لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەگرێک و رووناکبیرێکی مەزنیش بوو. مۆلێر بەتەواوی مێژووی شانۆی فەرەنسی و جیهانی گۆری. توانی لەڕێگای شانۆوە، ڕەخنە لە سیستەمی پادشایەتی ، ئایینی، کۆمەڵایەتی فەرەنسی بگرێت. شانۆی کردە گۆرەپانێک و بۆماوەیەکی زۆر شەری گەورەی لەگەڵ دەسەڵاتی

سیاسی و ئایینی فەرەنسادا کرد.  ئەوەی کەبەرهەمەکانی مۆلێری لاخۆشەویستکردم و هانیدام کەبەدوای بەرهەمانیدا بگەڕێم ، ئەوبابەتە گرنگانەبوون ، کەهەمووکاتێک شانۆکانی پێ ڕووناکردوونەتەوە. دوو مەسەلە پانتاییەکی زۆریان لەکارەکانی مۆلێر داگیرکردووە. یەکەم . مەسەلەی شووکردنی کچان. دووەم مەسەلەی شەرەف وناموسپەرستی. بەشێکی زۆری کارەکانی لەسەر مەسەلەی شووکردنی کچان بەزۆر لەلایەن باوک وبراکانیەوە  دەدوێت. لەزۆربەی شانۆکانیدا ، ئەم باسە میوانی بەردەوامی سەرشانۆبووە.




لەساڵی 1664 شانۆیەک لە ڤێرسای بەناوی ( شوکردن بەزۆر، یان بەشودان بە زۆر)دەنووسێت. هەرلێرەوە تێدەگەین ، کەچەندە ئەم نووسەرە مەزنە ئەم مەسەلەیە دەروونی هەژاندووە. مۆلێر وەکوو هومانیستێک ، زۆر دژی چەوساندنەوەی ژنان بووەو دژی بیری دواکەوتووی دەرەبەگایەتی بووە. من کاتێک بەرهەمەکانی مۆلێرم خوێندەوە ، ڕێک وامدەزانی باسی کۆمەڵگای کوردی دەکات. زۆر سەیرە هەموو ئەو قسەوباسانەی کەلەو شانۆیانە کراوە، ئەمڕۆ هەمووی لەسەر شانۆی کۆمەڵگاکەماندا بەزیندووی دەیبینین. هەربۆیە لەساڵانی حەفتادا، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی کراون بەکوردی و لەسەر شانۆ پێشکەشکراون .لەوانە ( پیسکەی تەرپیر، کەلەلایەن ئەحمەد سالاروە پێشکەشکراوە، پیری ئاخرشەر، لەلایەن سمکۆ عەزیز پێشکەشکراوە، بەزۆرکردمیان بەدکتۆر، لەلایەن سەعدون یونس پێشکەشکراوە) . هەموو ئەم بەرهەمانەش لەتیڤی کەرکوک تۆمارکراون .کاتێک کەخەڵکی ئەم شانۆیانەی بینی ، بەشێکی زۆری خەڵکی هەروایاندەزانی ئەم شانۆیانە لەلایەن ئەکتەرەکوردەکانەوە نووسراوە، یان بەواتایەکی تر وایان دەزانی کەلەلایەن نووسەرێکی کوردەوە نووسراوە. چونکە ئەو مەسەلانەی کەلەم شانۆیانەدا باسدەکران ، هەموویان بوونیان لەکۆمەڵگای کوردیدا هەبوو ، لەوانە ( بەزۆر بەشودانی کچان  لەلایەن باوک وبراکانیاوە، لێدان و ئەشکەنجەدانی ژنان لەلایەن مێردەکانەوە، حەرامکردنی خۆشەویستی نێوان کچان وکوڕان ) . هەربۆیە بینەری کوردی ، زۆربەتامەزرۆوەبوون بۆشانۆکانی مۆلێر.

**لێدانی ژنان**

لە شانۆگەری ( بەزۆرکردمیان بەدکتۆر)  ، (Sganarelle ، سگاناڕێل) کابرایەکی سەرخۆشی بێکارە ، هەمووکاتێک لە ( Martine) ژنی دەدات . لێدانی ژنەکەی بۆتە عادەتێکی ڕۆژانەی ئەم

پیاوە، هەروەک مارتینی ژنی دەڵێت ( **هەموو رۆژێک هەتا سەرجێگا لێم دەدەیت2** ) ، کەمەبەستی تا شەو کاتێک دەخەون. جگە لەچەندین جنێوی ناشرین و سووک و چرووک کەبەژنەکەی دەدات.

( **ژن لە جنۆکە خراپترە** ) دیارە ئەم قسەیەش هی فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆتالیسە، بەڵام سگاناریێل بەژنەکەی دەڵێت. ( **کاتێک کەمن داواکاریەکم هەبوو ، پێویستە تۆ بێدەنگ بیت 3** ) . پارادۆکس لەوەدایە کەزۆرجار ژنان حەزدەکەن کەلەمێردەکانیان بترسن یان لێیان بدات. ئەمەش گەورەترین کێشەی ژنانە، کەزۆرجار هەست بەکەمی بوونی خۆیان لەبەرامبەر پیاوەکانیان دەکەن. هەروەک دەووترێت ( گەورەترین کێشەی مرۆڤی کۆیلە ئەوەیە ، کەهەست بەکۆیلەبوونی خۆی نەکات ) یان بەواتایەکی تر هەست بەماڤەکانی خۆی نەکات . ماندێلا دەڵێت ( بەشێکی زۆری گەلی باشووری ئەفەریکا لەوباوەڕەدابوون ، کە مرۆڤی سپی لەوان باشترە. **4)** . بەشێکی زۆری ژنانیش هەست بەچەوساندنەوەی خۆیان ناکەن ، یان کاربۆماڤەکانیان ناکەن ، کەئەمەش بەشێکی گەورەی کێشەی ژنانە لەهەموو جیهاندا . مۆلێر زۆربەجوانی باسی ئەو حاڵەتەی ژنان دەکات . بۆنموونە کاتێک Sganarelle لە Martine ژنی دەدات ، Robert یرتێبۆر دراوسێیان دەیەوێت یارمەتی مارتین بدات و نەهێڵێت سگاناریێل لێی بدات ، کەچی بەپێچەوانەوە مارتین دژی رۆبێرت دەوەستێتەوە. کاتێک رۆبێرت بە توورەیەوە بە سگاناریێل دەڵێت ( **ئەوە تۆ شەرم لەخۆت ناکەیت ، دارزێیت پیاو ، بۆ لەژنەکەت دەدەیت)** ، کەچی یەکسەر مارتین وەڵامی دەداتەوە ( **ئێ من خۆم حەزدەکەم لێم بدات! ) یان دەڵێت ( تۆ هەقت چییە بەسەر ئێمەوە، ئەمە چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە ) پاشتریش لێی توورە دەبێت ( تۆ بۆلووت دەخەیتە هەمووشتێکەوە، تۆ هەقت بەسەر خەلکیەوە چییە5)** . کاتێک رۆبێرت گوێی لە قسەکانی مارتین دەبێت ، تووشی شۆکێک دەبێت . چونکە ئەو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ، ئەو بۆیارمەتیدانی مارتین چوو بەگژی سگاناریێلی مێردیدا ، کەچی مارتین دژی وەستایەوە. مارتین هێندە لە رۆبێرت توورە دەبێت ، کە تا رۆبێرت داوای لێ بوردنی لێبکات ، چونکە هاتووە بەهانایەوە.

پەیامەکەی مۆلێر راست ودروستە ، خوێنەر باش لە مەبەستی تێدەگات. بەداخەوە ئەم دیمانەنە لەزۆرشوێن و کات وساتی جیاوازدا دووبارەو سەدبارەبوونەتەوە. زۆرجار کاتێک ژنێک لەلایەن مێردەکەیەوە لێیدەدرێت، خەڵکانی تر دەیانەوێت دژی کابرا بوەستنەوە ،کەچی ژنەکەی یارمەتی مێردەکەی دەدات یان هاوکاری خەڵکی تر قبووڵ ناکات . بەداخەوە ئەمەش کێشەی گەورەی ژنانە. لەهەمان کاتیشدا مۆلێر لەم شانۆیەیدا باسی دڕندەیی پیاو دەکات . کەزۆرجار پیاوان لەهەق و ناهەق لەژنەکانیان دەدەن . ئەوەی لەم شانۆیەدا گرنگە ئەوەیە ، کە باسی لێدان وئەشکەنجەدانی ژنان دەکات لەلایەن مێردەکانیانەوە، کەئەمەش مەبەستی سەرەکی ئێمەیە .


LE MALADE IMAGINAIRE

## کچ بە زۆر بە شوودان

یەکێک لەباسە گرنگەکانی تری شانۆگەریەکانی مۆلێر ، بە زۆر بە شوودانی کچانە، کەلەو سەردەمەدا زۆر باوی بووە. هیچ کاتێک کچێک تەنانەت کوڕێکیش ، نەیتوانیوە بە ئارەزووی خۆی ، هاوسەر هەڵبژێرێت. بەڵکە هەمووکاتێک باوکەکانیان بڕیاڕیان لەسەر چۆنێتی ژیانی هاوسەرێتی منداڵەکانیان داوە. مۆلێر لەبەشێکی زۆری شانۆکانیدا ، ئەم باسەی ووروژاندووە. تەنانەت لەساڵی 1664 یەکێک لە بەرهەمەکانی بە ناوی ( بەزۆر بە شودان ) دادەنێت. مۆلێر ویستوویەتی دژی ئەم دیاردەیە بوەستێتەوەو تەختی شانۆی کردۆتە گۆرەپانێک بۆ شەڕی ناموسپەرستی لەدژی بیری دواکەوتووی کۆمەڵگای فەرەنسی.
لەشانۆگەری ( پیرەنەخۆشێکی داماو ، بەکوردی کراوە بە پیری ئاخر شەڕ). لە شانۆگەریەدا ، Aragans نەخۆش بەزۆر دەیەوێت Angeliqueکچی بداتە Thomas کوڕی دکتۆرDiafoirus . ئەمەش هەمووی لەبەر خاتری خۆی . ئاراگان کابرایەکی نەخۆشی پیرە ، دەیەوێت کچەنازدارەکەی بکاتە قوربانی دەروونی نەخۆشی خۆی . لەکاتێکدا Angelique کچی حەزی لە Cleanthe . بەڵام باوکی نەخۆشی ڕازی نییە، ئەو دەیەوێت بیداتە تۆماسی دکتۆر بۆئەوەی خۆیی و باوکی هەمووکاتێک چاودێری پزیشکی بکەن 6.
لە شانۆگەری ( بەزۆرکردیانم بە دکتۆر) هەمان باش دووبارەدەکاتەوە. لەکاتێکدا Lucinde حەزی لە Leandre و دەیەوێت شووی پێ بکات ، وەلێ Geronte باوکی ڕازی نابێت ، چونکە لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەند نییە. ئەو دەیەوێت کچەکەی بداتە کوڕێکی دەوڵەمەند و خانەوادەیەکی ناودار. لەئەنجامدا Lucinde کچی نەخۆش دەکەوێت ، هیچ نە قسە و نە نان دەخوات . هەموو دکتۆری ناوچەکە دێنن چارەسەری ناکەن. لەکۆتاییدا Sganarelle شێت دەدۆزنەوە و خۆی دەکاتە دکتۆری کچەکە . کاتێک Sganarelle بە هۆکاری نەخۆشیەکەی دەزانێت ، هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات ، دیارە ئەویش بە هۆیLeandre خۆشەویستی Lucinde وە دەبێت ، چونکە ئەو چیرۆکی خۆشەویستی خۆیانی بۆ دەگەرێتەوە 7.
مۆلێر لەم شانۆگەریەیدا دوو باسی گرنگ دەوروژێنێت ، یەکەمیان مەسەلەی کچ بەزۆر بە شودان، دووەمیان مەسەلەی چینی دەوڵەمەند و چین هەژار. لەبەرئەوەیLeandre کوڕێکی هەژارەو لە چینی دەرەبەگ و دەوڵەمەند نییە ، Geronte ڕازی نییە کچەکەی شووی پێ بکات . لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی ئازادی لە هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەری ، لەسەر دەرەوونی کچان دیاری دەکات . زۆر بەڕوونی دەریدەخات ، کەچەندە ئەو بڕیارە کار لە دەروونی کچان دەکات ، چۆن ڕازی نەبوونیان دەبێتە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشی دەروونی .




بەڵام لە شانۆگەری( سکاپینۆی ساختەچیدا ) ، باسی بەزۆر ژنهێنان دەکات لەلایەن باوکانەوە بۆ کوڕەکانیان . لەیەکێک لە گەشتێکی بازرگانیدا ، Geronte و Argante بازرگان ڕێکدەکەون ، کەئەو کچەکەی خۆی بدات بە کوڕی ئەو ، لەبەرامبەردا ئەویش کچەکەی بداتە کوڕی ئەم . بەواتایەکی تر ( ژن بە ژن ) دەکەن. لەکاتێکدا هیچ کام لە کچ و کوڕەکانیان ، ئاگاداری ئەم سەودایە نین ، دوور لە پرس و ڕای ئەوان ، بڕیاری ژیانی هاوسەری ئەوانیان داوە. لەکاتێکدا Leandro حەزی لە کچە قەرەجێکە ، بەڵام Geronte باوکی زۆر دژی دەوەستێتەوە و، دەیەوێت بەزۆر کچەکەی Argante ی هاوڕیی بهێنێت**8**.

من لەوباوەڕەدام هیچ کەسێک هێندەی مۆلێر ، نەیتوانیوە مەسەلەی کچ بەزۆر شوودان ولێدانی ژنان و ناموسپەرستی باس بکات. مۆلێر توانایەکی ئێجگار مەزنی لەم بوارەدا پیشانداوە. شانۆکانی مۆلێر تەنها چەند دەقێکی گرنگی ئەدەبی نین، بەڵکە چەند دەقێکی گرنگی مێژوویشن ، چونکە زۆر بە ڕوونی باسی کێشەوگرفتەکانی ئەوکاتەی کۆمەڵگای فەرەنسیمان بۆ دەکات . لەهەمانکاتیشدا ، وێنەیەکی ئێجگار ڕاستی ژیانی فەرەنسیەکانمان پێ پیشان دەدات .

**چەند دێڕێک لەسەر ژیانی مۆلێر**

**مۆلێر لە 14 یانوەری 1622 لەپاریس لەدایک بووە . لە 15 فێبراوەر 1673 کۆچی دواییکردووە. مۆلێر بەباوکی ئەدەبی فەرەنسی دەژمێرێت . شانۆکانی بە بەردی بناخەی شانۆی جیهان دادەنرێت. چەندین شانۆی مەزنی نووسیوە لەوانە ( بەزۆرکردیانم بە دکتۆر، پیسکە، پیرەنەخۆشێکی داماو،سکاپینۆی ساختەچی، بەزۆر بەشوودان).**

# بەلزاک

## ئوجێنی گراندێت




**پارە ئەو خودا مۆدێرنەیە کەهەموو جیهان پەیڕەوی دەکات و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو جیهاندا هەیە.**

بەلزاک یەکێکە لە مامۆستاکانی رۆمانی فەرەنسی و جیهان . کارەکانی بەلزاک بۆتە قووتابخانەیەک بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خەریکی رۆمان نووسینن. هیچ رۆماننووسێکی فەرەنسی ، هێندەی بەلزاک ناوبانگی نەبووە. کارەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێراون. رۆمانی ئۆجینی گراندێت **Eugenie Grandet** ، بەیەکێک لەکارە سەرکەوتووەکانی بەلزاک دەژمێرێت. ئەم رۆمانە لەساڵی 1832 نووسیویەتی ، چوار جاریش کراوە بەفیلمی سینەمایی بۆیەکەمجار ساڵی 1921 کرا بەفیلم پاشان لە ساڵانی 1946 1960، 1994 کراوە بەفیلم . جێگای ئاماژەیە دیستۆفسکی زۆر شەیدای ئەم رۆمانەبووە، هەربۆیە بۆخۆی وەریگێراوەتە سەر زمانی رووسی . ئەمەش گرنگی ئەم رۆمانەمان بۆدەردەخات . Grandet گراندێت سەرۆکی شارۆچکەی ساومور Saumur دەبێت. دیارە گراندێت سەرۆک شارەوانیەکی سادەنییە ، بەڵکە خاوەنی چەندین ڕەزو باخی ناوچەکەشە. هەربۆیە لەپاڵ دەسەڵاتی سیاسی ، دەسەڵاتێکی بەهێزی دارایشی بەسەر ناوچەکەدا هەیە. ئەمەش وایکردووە کەخەڵکی بەچاوێکی ئێجگار ڕێزەوە سەیری بکەن و خەڵکی ئاسایی بە ( باوکە گراندێت. ل**13)** ناویدەبەن. گراندێت خاوەنی تەنها کچێکە ( Eugenie ). کچێکی جوان و نازادارە. ناوبانگی ئوجێنی لە هی باوکی زۆرترە . لەبەر ئەوەی کچە تاقانەشە ، هەمووولایەک خۆشیان دەوێت. کاتێک ئوجێنی گەورەدەبێت ، هەردوو خێزانی Cruchotos,Grassins کە دۆستی نزیکی گراندێتن ، شەڕیانە لەسەر ئەوەی کەبیهێنن بۆ کوڕەکانیان . شەڕی ئەم دووخێزانە دەبێتە قسەوباسی هەموو شارۆچکەکە. ئوجێنیش هیچ ئاگای لەم قسەوباسانە نییە، هێشتا دڵەناسکەکەی تووشی کۆتری خۆشەویستی نەبووە. تالە جەژنی 23 ساڵەی لەدایکبوونی ئوجێنیدا Charles Grandetی ئامۆزای لە پاریسەوە دێت بۆماڵیان . باوکی چارلس لە کارێکی بازرگانیدا تووشی ئیفلاسی دەبێت ، ئەویش بەرگەی ئەم حاڵەتە ناگرێت و خۆیدەکوژێت. چارلسیش هیچ کەس شک نابات تایارمەتی بدات تەنها مامی نەبێت. بەڵام مامیشی کابرایەکی پارەپەرست و دڵڕەقە، زۆر پێی ناخۆشە کە ئەرکی بەخێوکردنی کەسێکی تربگرێتە ئەستۆی . بۆیە زوو قەناعەت بە چارلس دەکات فەڕەنسا بەجێبهێڵێت بەرەو هیندستان یان ئەمەریکا بڕوات . چونکە لەوێ هەلی دەوڵەمەندبوون زیاترە. کاتێک چارلس

ماوەیەک لەوێ دەژی ، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئوجێنی پەیدا دەکات . ئوجێنی زۆرخۆشی دەوێت و هەموو خشڵ و زێرەکانی پێدەبەخشێت بۆئەوەی بچێت بۆ هیندستان و لەوێ دەوڵەمەندبێت و پاش ماوەیەک بگەڕێتەوە بۆلای. چارلس هەموو خشڵ و زێرەکانی ئوجێنی دەبات و نایەتەوە بۆلای . کاتێک گراندێتی باوکی بە پەیوەندی خۆشەویستی و ئەم کارەی دەزانێت ، تەواوشێت دەبێت. دەکەوێتە سزادانی ئوجێنی خۆشەویستی. وەلێ ئوجێنی هەر چاوەڕێی چارلس دەکات . هەتا پاش ماوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و لەوێ کچی یەکێک لە چینە ئەرستۆکراتەکانی پاریس دەهێنێت. ئوجێنی زۆر درەنگ دەزانێت ، کەچارلس کەسێکی ساختەچی بووەو دەستی بڕیووە.

### ژن خاوەنی خشڵ و زێرەکانیشی نییە

بەلزاک لەم رۆمانەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات ، کەژن هێندە بێ دەسەڵاتە ، تەنانەت خاوەنی خشڵ و زێرەکانی خۆشی نییە. ڕاستە ئوجێنی زێرێکی زۆری هەیە ، وەلێ هیچ کاتێک خاوەنی سەرەکی ئەم زێرەنییە ، بەڵکە باوکی خاوەنیەتی . لەبەرئەوەی باوک یان پیاو زێرەکە دەکڕێت ، کەواتە هەرئەویش خاوەنیەتی .

### زیندانی ماڵەوە

گراندێت تەنها حوکمی شارەوانیەکەی نەدەکرد ، بەڵکە حوکمی ماڵەوەشی دەکرد. لەم کارەی بەلزاکدا بۆمان دەردەکەوێت ، کە پیاو لەماڵەوە حکومەتێکە بۆخۆی . هەروەک چۆن حکومەت هاوڵاتیانی سزادەدات و یاسایان بەسەردا دەسەپێنێت و زیندان و لێدانی هەیە، بەهەمان شێوەش پیاو لەماڵەوە یاسای خۆی بەسەر ژن و منداڵەکانیدا دەسەپێنێت ، مافی لێدان و زیندانیکردنیشی هەیە. گراندێت کاتێک بەم کارەی ئوجێنی کچی دەزانێت ، پاش ئەوەی باش لێیدەدات ، ئینجا بڕیار دەدات لە ژوورەکەی خۆیدا زیندانی بکات و نەهێڵێت دایکیشی ببینێت. لەم رۆمانەدا بەلزاک مەسەلەیەکی گرنگی باسکردووە، ئەویش زیندانی کردنی ژن وکچان لەماڵەوە. دیارە ئەمەش جۆرێکە لەجۆرەکانی چەوساندنەوەی ژنان . لەم بارەیە هەزاران چیرۆکی وا روویداوە. بگرە بۆتە جۆرێک لەسزادانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە.

### ژن لەماڵەوە تەنها مافی گریان و پاڕانەوەی هەیە

کاتێک گراندێت ، ئوجێنی کچی زیندانی دەکات ، دایکی زۆر دەگری و لە گراندێتی مێردی دەپاڕێتەوە کە ئوجێنی سزانەدات و بی بەخشێت . وەلێ ئەوهیچ کاتێک گوێی بۆناگرێت ، بگرە هەڕەشەشی لێدەکات ، گەر وازنەهێنێت ئەوا سزای ئەویش دەدات. دایکی ئوجێنی هێندە دەگری و خەفەت دەخوات ، تا پاش ماوەیەکی کەم تووشی نەخۆشیەکی کووشندە دەبێت و لەسەر جێگادا دەکەوێت و پاشان دەمرێت. لەپاش مردنی ئینجا گراندێتی دڵڕەق بڕیاری ئازادکردنی کچەکەی دەدات. بەلزاک لەم رۆمانەدا دڵڕەقی و ملهووری پیاوی فەرەنسیمان بۆدەردەخات . چۆن پیاو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و ملهوورانە بەسەر ژن وکچەکەیدا دەسەپێنێت. پیاوێک کەهیچ کاتێک میهرەبانی و سۆز لە دڵیدا بوونی نییە.

## ڕۆڵی پارە لە ناوکۆمەڵگای فەرەنسیدا

خاڵێکی تر کەبەلزاک  ئاماژەی پێداوە، مەسەلەی پارەو ڕۆڵی بەسەر کەسایەتی و کۆمەڵگای فەرەنسیەوەیە. دیارە بەلزاک ئەم ڕۆمانەی ساڵی 1832 نووسیوە، هێشتا سەرمایەداری بەو شێوەیە بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ نەبووە، وەلێ  لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا باش ڕەگی خۆی داکوتیوە. لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی ئێجگار جوان و مەزن پێناسەی پارەی کردووە:

**(پارە ئەو خودا مۆدێرنەیە کەهەموو جیهان پەیڕەوی دەکات و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو جیهاندا هەیە. ل.35)**

ئەم ووتەیەی بەلزاک تەواو جێگای خۆی پێکاوە. ئەمڕۆ پارە بۆتە خودایەک ، کەهەموو جیهان دەیپەرستن. لەهەمانکاتیشدا  لە کەسایەتی گراندێتدا، وەسفێکی جوانی کەسانی پارەپەرستی کردووە، چۆن ئەم ماددەیە کار لەکەسایەتی مرۆڤەکان دەکات و بەتەواوی هەموو مۆڕاڵ و هەستە مرۆڤیەکانیان لێدەستێنێتەوە.

بەلزاک لەڕێگای ئەم ڕۆمانەوە پەیامێکی مرۆڤایەتی ئێجگار جوانی پێبەخشیووین . دڵڕەقی ، دڵپیسی، پارەپەرستی ، خۆپەرستی ، خۆشەویستی ، ناپاکی ، هەمووی لەم ڕۆمانەدا کۆکردۆتەوە. لەهەمان کاتیشدا باری ژنانی فەرەنسیشمان لەو قۆناغەدا بۆ دەردەخات .  پێمان دەڵێت ، چۆن ژنان لەلایەن پیاوەکانیانەوە دەچەوسانەوە.  لەهەمان کاتیشدا وێنەیەکی ڕاستی ئەوکاتەی فەرەنسامان پیشان دەدات**9**.

## چەند دێرێک لەسەر ژیانی بەلزاک



لە 20 مای 1799 لە Tours  لەدایک بووە. باوکی مووچەخۆرێکی حکومی بووە، دایکی لە خێزانە ناسراوەکانی پاریس بووە. لە ساڵی 1829 یەکەمین ڕۆمانی بەناوی *Les Chouans, ou La Bretagne en 1799).* بڵاودەکاتە . بەلزاک لەپاڵ مۆلێر و ڤیکتۆر هۆگۆ ، بەباوکی ئەدەبی فەرەنسی دەژمێرێت. لەهەمانکاتیشدا ڕابەری قۆناغی ڕۆمانتیک بووە. بەهێزترین بەرهەمی بەناوی ***Comédie Humaine*** ( کۆمیدیای مرۆڤایەتی) . ساڵی 1842 نووسیویەتی . بەشێوەیەکی تەنزئامێز ، ڕەخنە لەکۆمەڵگای فەرەنسی دەگرێت . بەلزاک پڕ بەرهەمترین نووسەری فەرەنسیە، کەزیاتر لە 137 چیرۆک و ڕۆمانی نووسیوە. هەمووشی لەڕووی ئەدەبی و فکری و مێژوویەوە، بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە. بەداخەوە لەم بەرهەمە

**زۆرەی ، هەتاوەکو ئەمرۆ هیچ بەرهەمێکی ئەم کەڵە نووسەرەی جیهان نەکراوەتە کوردی. بەلزاک لە 18 ئابی 1850 لە شاری پاریس کۆچی دوایی کردووە. 10**

## زەماوەندی خوێن

## لۆرکا




لۆرکا یەکێکە لە نووسەرو رووناکبیرەمەزنەکانی ئیسپانیاو جیهان. بەرهەمەکانی بە گەنجینەیەکی نایابی ئەدەبی دادەنرێت. بەگشتی بەرهەمەکانی لۆرکا باسی ژیانی کۆمەڵایەتی لادێکانی ئیسپانیا دەکات ، بەتایبەت ژنان و کچانی لادێ . لۆرکا بەهۆی هەردوو بەرهەمی ( زەماوەندی خوێن و یەرما ) زۆر ناوبانگی دەرکرد. مەسەلەی شەرەف و نامووس پەرستی بەیەکێک لە باسە گرنگەکانی لۆرکا دادەنرێت. زۆر بەشێوازێکی ئەدەبی مەزن ، توانیوویەتی ڕۆڵی شەرەف و نامووسپەرستی لەناوکۆمەڵگای ئیسپانی دەربخات. بەتایبەت لە زەماوەندی خوێن دا ، زۆر بەجوانی ئەم باسەی هوورژاندووە. دیارە لەناوکوردا هیچ کەسێک هێندەی بەرێز عەزیزگەردی شەیدای کارەکانی لۆرکا نەبووە. بەشێکی زۆری کارەکانی کردووە بەکوردی . بۆیەکەمجار لەساڵی 1984 سێ تراژیدیای لۆرکا ( یەرما، ماڵی بەرناردائەلبا، مرۆڤی بۆش ) دەکاتە کوردی **11**.لەساڵی 2002 زەماوەندی خوێن دەکاتە کوردی . هەروەک خۆشی دەڵێت کاتی خۆی نەیتوانیووە بڵاویبکاتەوە. من لێرەدا زۆر سووپاسی ماندووبونی دەکەم ، کەبەشێوەیەکی ئێجگار جوان کوردانوویەتی . دیارە من هەموو کارەکانیم خوێندۆتەوە، وەلێ ئەوەی بەلامەوە زۆر جوان بوو ، ( زەماوەندی خوێن ) بوو**12**. هەربۆیە ئەوم هەڵبژارد تا قسەی خۆمی لەسەر بکەم .

زەماوەندی خوێن ، چیرۆکێکی تابڵێیت نایابە. لۆرکا لەم بەرهەمەیدا باسی شین و شایی دەکات . چۆن لە پڕێکدا شاییەک دەبێتە شینێکی قێزەون . لۆرکا ساڵی 1928 هەواڵی ئەم چیرۆکەی لە یەکێک لە رۆژنامەکانەوە دەستدەکەوێت ، کەلە یەکێک لە گوندەکانی باشووری ئیسپانیا ڕوویداوە. لە ساڵی 1933 دەستدەکات بە نووسینی و هەمان ساڵ چاپی دەکات . دیارە بەهۆی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیاوە ئەم بەرهەمە دوادەخرێت ، ساڵی 1944 بۆیەکەمجار لە شاری زیوریخ ی سویسرا لە سەر شانۆ پێشکەش دەکرێت**13** . ئەم شانۆگەریە باسی ژیانی لادێکانی

ئیسپانیا دەکات ، چۆن مەسەلەی ( شەرەف ، تۆڵە ، چەوساندنەوەی ژنان ، دواکەوتوویی، هەژاری ) تێدا زاڵە.

دایکی زاوا دەڵێت : **( نەفرەت لەهەر شتێ کەلەشی بنیادەم ببڕێ، لەشی پیاوی کۆک و بەوەج ببڕێ . لاپەڕە 5).** کەچی هەرخۆشی دژی حوکمی یاسا دەوستێتەوە و دەڵێت : **( کەس دەتوانێ باوکتم بۆ بێنێتەوە ؟ براتم بۆ بێنێتەوە ؟ هەیە و نییە بەندیخانە ، جا بەندیخانە چییە؟ بەکەیفی خۆیان نان دەخۆن ، جگەرە دەکێشن ، مۆسیقا لێ دەدەن!کەچی مردووەکانی من لەناو گیادا خنکاون . لاپەرە 6).** لێرەدا مەسەلەی کوشتن و تۆڵە باس دەکات ، چۆن خەڵکی گیریان بە دەستی تۆڵەو تۆڵەسەندنەوە خواردووە. ئالەو کاتەی کە دایکێک تەنها کوڕێکی هەیە ، دەیەوێت ژنی بۆ بهێنێت . پاش ئەوەی باوک و کوڕە گەورەکەی دەکوژرێن ، زۆردڵی بەم کورەی خۆش دەبێت. وەلێ کاتێک بوکێکی جوانی بۆ دەدۆزنەوە، نازانن کە بووکە پێشتر دۆستی لیۆناردۆ بووە. لیۆناردۆ پێش دووساڵ دەچێت ژنێکی تر دەهێنێت . بەڵام ناتوانێت هیچ کاتێک خۆشەویستەکەی لەبیربکات . تەنانەت ژن و منداڵەکەشی لەبیرنامێنێت . هەروەک خۆی دەڵێت:

**( گەورەترین سزامان ئەوەیە گڕی ئارەزوومان لەهەناودابێ و بێدەنگ بین . کەرامەت چ دادی منی دا. چ کەڵکی هەبوو کە تۆ نەبینم و وات لێ بکەم شەو خەو نەچێتە چاوت و هەر کەلەکان وەربگێڕی ؟ . لاپەرە 48 . )** . ئەم ئاگرەگەورەیەی ناخی لیۆناردۆ ، شێتی دەکات هیچ گوێ بە عادات و تەقالید و کۆمەڵگا نادات و بڕیار دەدات ، کەلە شەوی زەماوەندا بووکێ هەڵبگرێت و پێکەوە ڕابکەن . هەرواش دەکات لە شەوی زەماوەندا قەناعەت بە بووکێ دەکات پێکەوە سواری ئەسپەکەی دەبن و ڕادەکەن. ئیتر ئەم ڕووادوەش دەبێتە هۆی تێکچوونی زەماوەند و شایەکە دەبێتە شین. زاواو چەند کەسێکی تر دەکەونە دوای لیۆناردۆ و بووکێ . لەکۆتاییدا لەیەکێک لەدارستانەکاندا دەیاندۆزنەوەو، لەئاکامدا زاواو لیۆناردۆ یەکتری دەکوژن . لۆرکا لەم شانۆگەریەدا ، توانیوویەتی ڕۆڵی شەرەف و ناموس پەرستیمان بۆدەربخات. لەهەمان کاتیشدا زۆر بەجوانی توانیوویەتی بەکامێرا مەزنەکەی خۆی ، دیمەنی شین و شایمان بۆ تۆماربکات .

دەبێت ئەوەش بڵێم هەتاوەکوو ئەمرۆش ، وڵاتی ئیسپانیا بەیەکێک لەو وڵاتانە دەژمێرێت ، کەرێژەی توندوتیژی دژی ژنان زۆر بەرزە. دیارە ئەوەش چەندین هۆکاری ئایینی و سیاسی و ئابووری هەیە. هیوادارم کە شانۆکارانی کورد بتوانن ئەم کارە مەزنەی لۆرکا بهێننە سەر شانۆ و پێشکەشی بینەری کوردی بکەن . بەڕاستی کاتێک من شانۆکەم خوێندەوە وامدەزانی لۆرکا باسی کوردستان دەکات ، چونکە هەموو دیالۆگ و ڕووداوەکان لام نامۆ نەبوون ، بەڵکە لەلای خۆشمان چیرۆکی ئاوا ڕوویداوە.

## چەند دێڕێک لەسەر ژیانی لۆرکا



**لۆرکا لە 05.06.1898 لە گوندی Fuente Vaqueros، سەربە ناوچەی Granada لەدایکبووە. ساڵی 1914 دەچێتە زانکۆی گرانادا و لە کۆلێژی یاساو زانستی فەلسەفی دەخوێنێت. پاشان ساڵی 1928 دەچێتە زانکۆی مەدریدو لەوێ کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەندی بەتوانا دەناسێت ، لەوانە نووسەری مەزنی ئیسپانی Juan Ramón Jiménez هەروەها ریژیسۆری( دەرهێنەر) مەزنی ئیسپانی Luis Buñuel. دەناسێت. پاشان وێنەکێشی سوریالی سیلڤادۆر دالی دەناسێت و پەیوەندیەکی ئێجگار بەهێزیان پێکەوە دەبێت ، تەنانەت یەکێک لەکارەکانی پێشکەش ئەو دەکات**

. لۆركا جگە لەوەی نووسەرێكی مەزنی شانۆ بوو ، لەهەمان كاتیشدا ووتاری سیاسی  و ئەدەبی زۆریشی نووسیوە. جگەلەوەش موسیقاژەنێكی باشیش بووە ، شارەزایەكی باشی لە گیتاردا هەبووە. بەهۆی چالاكی سیاسی ( كەسەر بەرەی كۆماریەكان بوو) دژی بەرەی فاشیستەكان بوو . جگەلەوەش لۆركا كەسێكی ( هۆمۆسێكسوێل بوو)  ئەمەش هێندەی تر قوورەكەی بۆ خەستكردبووەوە. لە پێش جەنگی ناوخۆی ئیسپانی ، لە 19 ئۆگۆستی 1936 گرووپە فاشیستەكان تیرۆری دەكەن[14].

## یاداشتی كوشتنێكی چاوەڕوانكراو

## گابریل ماركیز




هیچ نووسەرێكی ئەمەریكای لاتین ، هێندەی گابریل ماركیز ناوبانگی نییە. بەتایبەت لای ئێمەی كورد ، ئەم نووسەرە ناوبانگێكی ئێجگار مەزنی هەیە. دەتوانم بڵێم ئەم نووسەرە توانی ببێتە پردێك ، كە گەلانی ئەمەریكای لاتینمان پێ بناسێنێت. ئەو كیشوەرەی كە هیچ كاتێك حكایەتی شۆرش و حكومەتە عەسكەریەكانی لەبیرناكرێت. هیچ كاتێك دانس و گیتارو گۆرانی ، بەرۆكی بەرنادەن . منیش یەكێك بووم لە جەنگاوەری سووپا زۆرەكەی خوێنەرانی ماركیز. هەربۆیە زۆر بە پەرۆشەوە بەدوای بەرهەمەكانی دەگەڕام و دەمخوێندەوە. پێش چەند ساڵێك لەمەوپێش لەیەكێك لە كتێبخانەكانی ئەڵمانیا ، كتێبێكی ماركیزم بەناوی ( Chronik eines angekündigten Todes ) بەرچاوكەوت . دیارە من زۆرحەزناكەم بەئەڵمانی بخوێنمەوە ، بەتایبەت كتێبی ئەدەبی ، چونكە زمانی ئەڵمانی زۆر ئێسكی گرانە بۆ ئەدەب . كاتێك كە كتێبێكی ئەڵمانی دەخوێنمەوە ، یەكسەر مەكینەی گەورەو دەبابەو چەكی كیمیاویم بیردەكەوێتەوە. هێندە ئازارم دەدات ، هەر دەڵێیت بەپێ خاوسی بەسەر سكەی شەمەندەفەردا دەڕۆم . وەلێ چیرۆك و شێوازی نووسینی ئەم كتێبە ، وازی لێ نەهێنام و دەستم كرد بە خوێندنەوەی. ئەم كتێبە زیاتر لە نۆڤلێت دەچێت تا رۆمان ، یان زیاتر لە كارێكی مینیمالیست دەچێت . هەرچەندە رۆمانەكانی ماركیز بە گشتی ، قەبارەیان گەورەیە ، وەلێ بەپێچەوانەوە ئەم رۆمانەی قەبارەی بچووكە ، نزیكەی 150 لاپەڕەیەك دەبێت . ئەم رۆمانە ساڵی 1981 ی نووسیویەتی ، واتە ساڵێك پێش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت . 14 ساڵیش پاش رۆمانە مەزنەكەی ( سەد ساڵ تەنهایی) دێت . هەر پاش ساڵێك واتە 1982 ، بۆسەر زمانی ئەڵمانی وەرگێراوە[15]. ساڵی 1987 یش كرایە فیلمی سینەمایی.

من پێشتر چەند رۆمانێكی تری ماركیزم خوێندبووەوە ، بەڵام هیچ كامیان تامی ئەم رۆمانەی نەبوو لام . بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی كۆمەڵێك پرسیار ، چەندین ڕووداوی سەیر ، كۆمەڵێك ڕەخنەی

کۆمەڵایەتی تێدایە. من کاتێک ئەم رۆمانەم خوێندەوە ، وام دەزانی مارکیز باسی کوشتنی کەسێک دەکات ، کەلە کوردستان دەژی . پاڵەوانی رۆمانەکە لام نامۆ نەبوون ، بگرە هەرهەموویانم دەناسی . ڕۆژانە گوێمان لە چیرۆکی وادەبێت. وەلێ هیچ کاتێک کەسمان نەمانتوانییوە ، ئەو چیرۆکە زۆرانەی کەلە کوردستان ڕوودەدەن ، وەکو مارکیز بیانکەینە رۆمان و چیرۆک .

**ئەم رۆمانە باسی چی دەکات ؟**

کرۆکی ئەم چیرۆکە باسی تاوانی کوشتنی کوڕێکی گەنج Santiago Nasarدەکات ، کەلەلایەن دووبرای کچێکەوە دەکوژرێت ، چونکە لەگەڵ خوشکەکەیان نووستوەو پەردەی کچێنی دڕاندووە. کاتێک Angela Vicario شوو بەBayardo San Roman دەکات ، لەشەوی یەکەمدا زاوا پێی دەزانێت بۆ بەیانی تەلاقی دەدات(لاپەرە 31) . بەمەش ئابرووی بنەماڵەی Vicario دەچێت . هەربۆیە دووبراکەی Perdo و Pablo **( کە دووانە دەبن )** دەیانەوێت تۆڵەی خۆیان لە Santiago Nasar. بکەنەوە چونکە ئەو لەگەڵ خوشکەکەیان نووستوە ( لاپەرە23). هەرچەندە ناسریش لەگەڵ خوشکەکەیان نەنووستوە، بەڵکە ئەمە فێڵێکی ئەنگێلا بوو ، بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی بپارێزێت. ئەو وایدەزانی کاتێک ناوی ناسر بەرێت ، براکانی لێی دەترسن و نایکوژن(لاپەڕە 112) ،چونکە ناسر کوڕێکی گەنجی ئازابوو. بەڵام نەیزانی براکانی هیچ گوێیان لەترس نەبوو. ئەم دووبرایە کەهەردووکیان قەساب دەبن ، کاتێک بەم کارەی ناسر دەزانن ، یەکسەر پەلاماری چەقۆ ئەڵمانیەکە دەدەن و باش تیژی دەکەنەوە بۆ ئەوەی ناسری پێ بکوژن( لاپەرە 75) . بۆبەیانی دەچنە ماڵی ناسر و دەیکوژن.

**پەردەی کچێنی**

یەکێک لەوباسە گرنگانەی کە مارکیز باسی لێدەکات ، مەسەلەی ( پەردەی کچێنی) یە. چۆن هەموو ئابڕووی بنەماڵەکە لەسەر ئەم پەردەیە وەستاوە. من هەتائەم رۆمانەم نەخوێندبووە، هەروام دەزانی لای خۆمان ئەم پەردەیە گرنگی هەیە، وەلێ نەمزانی زۆر گەلانی تریش بەهەمان شێوەی خراپی ئێمە بیردەکەنەوە. لەکاتێکدا Bayardo San Roman کە کابرایەکی غەریبەو تازە هاتۆتە ناوچەکە ، تەمەنی لەسەرو سی ساڵیەوەیە، کەچی بە کچێکی گەنج ڕازی نابێت چونکە پەردەی کچێنی نییە( لاپەڕە 35). کاتێک کە ئەم پەردەیە نامێنێت ، ژیانی هەموو خێزانکە تێکدەچێت ، ژیان مانا پیرۆز و جوانەکانی نامێنێت . بگرە حەزە شەیتانی و نەگریسەکانی ناخی مرۆڤ جێگایان دەگرێتەوە. **( کاتێک زانیم خوشکەکەم کچ نییە، حەزم دەکرد لەو کاتەدا بمرم ، نەک ئەو هەواڵە شەرمەزاریە ببیستم . لاپەرە 31)** . بەم شێوەیە خوشکەکەی Angela Vicario وەسفی ئەو حالەتەمان بۆ دەکات .

**لێدانی کچان**

لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان ، تەوەرێکی تری ئەم رۆمانەیە. کاتێک Angela Vicario کەشف دەبێت و تەلاق دەدرێت ودێتەوە ماڵی خۆیان ، باوکی و براکانی هێندەی لێدەدەن ، کەهەموگیانی بریندار دەکەن . هەربۆیە رۆژانی دوایی، سەرپۆشێکی گەورە دەدات بەسەریدا ، بۆئەوەی برینەکانی بشارێتەوەو جێگای لێدانەکە خەڵکی نەیبینێت **.( لاپەڕە 103).**

**(شەرەف بریتییە لە خۆشەویستیی. لاپەرە 121)**

ئەمە قسەی دایکی کچەیە ، کە مەزنی شەرەف دەردەخات . لێرەدا مارکیز هەوڵی داوە، پەردە لەسەر ووشەی شەرەف هەڵماڵێت و بەناخی مرۆڤەکاندا بەدوای پێناسەی ئەم ووشەیەدا بگەڕێت. ئەوەی من هەستم پێکرد ، کەشەرەف لای خۆشمان بەهەمان شێوە پێناسە دەکرێت.

**کوشتنی مرۆڤ لەسەر شەرەف کارێکی ئایینی و پیرۆزە**

**( ئێمە ئامادەین گەر زیندووش بێتەوە ، هەزار جاری تر بیکوژین . ئێمە بە باوەڕی تەواوەوە کوشتمان و هیچ لێی پەشیمان نین . هیچ خۆمان بەتاوانبار نازانین ،، بەتایبەت لەبەردەم خوداو خەڵکی دا ،،،، لاپەڕە 63 ).**

ئابەم شێوەیە Perdo و Pablo لەبەردەم دادگادا قسە دەکەن . هیچ کاتێک خۆیان بە تاوانبار نازانن، بەڵکە خۆیان بە دووقارەمان دەزانن ، کە کارێکی پیرۆزیان ئەنجام دابێت . لێرەدا مارکیز زۆر بە جوانی هەستی ناخی ئەوکەسانەمان بۆ دەردەخات ، کە ئەم کارە دەکەن . پێمان پیشان دەدات ، چەندە مەسەلەی شەرەف کار لە ناخی مرۆڤەکان دەکات ، هەموو پێوەرە مرۆڤی و ئەخلاقیەکانی تری لەبیر دەچێتەوە.

**( کاری قەسابی ، رۆحی کوشتن لای مرۆڤەکان دروست دەکات .لاپەڕە 67)**

مارکیز لەم رۆمانەیدا کاری قەسابی دەخاتە ژێر پرسیاری ویژدانەوە. ئایا کەسێک بتوانێت حەیوانێک سەربڕبڕێت ، ناشتوانێت مرۆڤێک سەرببڕێت؟ ئایا ئەم پیشەیە چەندە بۆسەر رۆحی مرۆڤەکان ترسی هەیە . لێرەدا مارکیز هەوڵی داوە بەم رۆمانەی دژی ئەم پیشەیەش بوەستێتەوە. کەچی شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی ( ژنێکی منگن) دا ، هەوڵی داوە پیشەی قەسابی لای خوێنەری کورد جوان بکات!! **16.**

**بۆچی کوشتنێکی چاوەڕوانکراوبوو؟**

دیارە من سەیرم لەم ناونیشانە دەهات ، وەلێ هەرخۆی بۆمان روون دەکاتە بۆچی . هەردوو برا Perdo و Pablo پێش ئەوەی بچن ناسر بکوژن ، تەواوی ناو دێکە لەم کارەیان ئاگاداردەکەنەوە. بە زیاتر لە 12 کەسیان ووتوە ، ئێمە نیازی کوشتنی ناسرمان هەیە **( لاپەڕە 74).** سەیر لەوەدایە ناسریش ئاگای لەم هەواڵە بووە، بەڵام گوێی نەداوەتێ . بە بڕوای من ئەمە گرێی ناو رۆمانەکەیە. هەربۆیە ئەمەشی کردۆتە ناوی رۆمانەکەی .
ئەم رۆمانە گیرانی مەلابەختیارم دێنێتەوە یاد. ئاوات قارەمانی لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت :

**( مام رۆستەم وشەوکەتی حاجی موشیر ، هەر لەسەرکردایەتیەوە هەتا ناوقەرەداخ دەچوونە هەر دێیەکەوە، دەیان ووت دەچین مەلا بەختیار بگرین .17)** . سەیر لەوەیە مەلابەختیاریش ئاگای لەم هەواڵە بووە، بەڵام درەنگ حەرەکەی کردووە، هەربۆیە گیرا .

## توورکی پارە پەرست

لەم رۆمانەدا لە لاپەرە 126، زۆربەجوانی وەسفی مۆرالی توورکەکان دەکات ، کەبە ( پارەپەرست و خۆپەرست ) وەسفیان دەکات . دیارە توورک چووبێتە هەرشوێنێکەوە ، ڕەزای خۆی تاڵکردووە. ئەم وەسفە زۆر دڵخۆشی کردم .

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم بەرهەمەی مارکیز بکرێتە کوردی ، بەبۆچوونی من جوانترین بەرهەمی مارکیزە.

## دوا ووشە

لەپاش ئەم گەشەتە بەناو باخی ئەدەبی جیهاندا ، هیوادارم تیشکێکم خستبێتە سەر مەسەلەی ژنکوشتن و شەرەف وناموسپەرستی . بەداخەوە ماوەیەکی زۆرە میدیاکانی رۆژئاوا کورد بەم کارە تاوانبار دەکەن ، دیارە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش لەپاڵ ئەم هەڵمەتەوەن، لەپێش هەمووشیانەوە توورکیای فاشیست . دیارە مەسەلەی ژنکوشتن هیچ پەیوەندی بە گەلێک یان ئایینێک یان کولتوورێکەوە نییە. بەڵکە هەروەک ئەنجلس دەڵێت **( ئالەوکاتەی خاوەندارێتی تایبەتی پەیدابوو. پیاویش هەموو دەسەڵاتێکی لەژن سەندەوەو سەرەتای چەوساندنەوەی ژنان دەستی پێکرد)**. وەلێ بەداخەوە ئەمڕۆ بەتۆپزی دەیانەوێت کورد بە ژنکوژ تاوانباربکەن ، هەروەک بڵێیت رۆژئاوا لەم کێشەیەوە دووربووبێت. من پێم خۆش بوو لەزمانی پاکی ئەدەبەوە وەڵامی ئەو تۆمەتەبدەمەوە. بەداخەوە کۆمەڵێک کۆلکە نووسەری کوردیش کەلەئەوروپا دەژین ، هەندێکیان لە گێلیان ، بەشێکیشیان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ، بەناوی داکۆکیکردن لەماقی ژنان ، کورد بە ژنکوژ تاوانبار دەکات .

چەند دێڕێک لەسەر مارکیز.



لە 6 مارسی 1927 لە گوندی **Aracataca**, سەر بە شاری **Magdalena**, لە وڵاتی کۆڵۆمبیا لەدایک بووە. لەتەمەنی 12 ساڵیدا زەمالەیەکی خوێندنی لە **Jesuitenkollegs** لە شاری **Zipaquirá** بۆ دەردەچێت ، کە نزیکەی 30 کم لە گوندەکەی خۆیانەوە دوورە . پاشان ساڵی 1946 لسەر خواستی ماڵەوەیان ، دەچێت کۆلیژی یاسا دەخوێنێت . بەڵام ساڵی 1950 وازلە کۆلیژی یاسا دەهێنێت . هەروەک لە بیرەوەریەکانی دا باسی دەکات ، ئەم بڕیارەی بۆتە مایەی تووڕەبوونی ماڵەوەیان . ئالەو ساڵانەدا ، مارکیز تێکەلی دەریای ئەدەب دەبێت ، زۆر هۆگری کارەکانی نووسەرانی جیهانی وەکوو ( هەمنگوای ، جیمس جۆیس ) دەبێت. پاشان دەست دەکات بە نووسینی شیعرو چیرۆک . پاشتریش دەچێتە بواری رۆژنامەوانییەوە، ساڵی 1954 لە رۆژنامەی ***El Espectador*** کاردەکات . پاشانیش لە چەندین وڵات دەبێتە نوێنەریان . ساڵانێکی زۆر لە شارەکانی ( رۆما، ژنێڤ، پاریس، بەرسەلۆنە، مەکسیکۆ ، نیۆرک ، کاراکس ) کرۆسمۆندێتی ئەم رۆژنامەیە دەبێت. هەر لەڕێی ئەم کارەشیەوە، وڵاتان دەگەڕێت و خەڵکانێکی هەمەجۆر دەناسێت. ئەمەش کارێکی زۆر باشی تێکردووە. ساڵی 1959 ڕابەری شۆرشی کوبی ( فیدل کاسترۆ ) دەناسێت. کاسترۆ داوای لێ دەکات ، کتێبێک دەربارەی شۆرشی کوبی بنووسێت . ئەویش هەر ئەو ساڵە دەینووسێت . هەر لەوساڵەوە کاسترۆ دەبێتە هاوڕێی نزیکی. ئەم پەیوەندیەشی دەبێتە مایەی ڕەخنەی زۆر لەنووسەرانی جیهان ، چونکە کاسترۆ کەسێکی دیکتاتۆرە. ساڵی 1967 رۆمانی ( سەدساڵ تەنهایی) دەنووسێت . ئەم رۆمانەی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاوەو زیاتر لە 30 ملیۆنی لێ چاپکراوە. ئەم رۆمانە بۆتە پاسپۆرتێک بۆ مارکیز. لەپاش ئەم رۆمانەیەوە ناوبانگ دەردەکات . هەرلەسەر ئەم رۆمانەش خەلاتی نۆبڵ وەردەگرێت . دیارە جگە لە خەلاتی نۆبڵ چەندین خەلاتی تری جیهانی وەردەگرێت. لە ساڵی 1998 وە لە شاری مەکسیکۆستی وڵاتی مەکسیک دەژی . خاوەنی رۆژنامەی ***El Espectador*** و گۆڤاری ***Cambio***.18

## سەرچاوەکان :


**Leo Tostoi. Die Kreutzersonate. Aus dem Russischen von Raphael Löwenfeld . .1 Anaconda Verlag. Köln. 2006.**

Moliere. Der Arzt wider Willen . Rotbuch Verlag, Berlin , 1989,S71.**2**

3. هەمان سەرچاوە . لاپەرە 72.

4. نیلسۆن ماندێلا. گەشتە دوورەکەم لەپێناوی ئازادیدا .وەرگێرانی . شێرزاد هەینی. چاپخانەی موکریانی . چاپی یەکەم . کوردستان . هەولێر. **2005** . ل**37.**

Moliere. Der Arzt wider Willen . Rotbuch Verlag, Berlin , 1989,S72 .5

Der eingebildete Kranke. Moliere. Aus dem Französischen von. Wolf Graf Baudissin. .6 Anaconda. Verlag GmbH, Köln. 2007.

Moliere. Der Arzt wider Willen . Rotbuch Verlag, Berlin , 1989,S72 .7

**Moliere . Die Gaunereien des Scappino. Diogenes Verlag Ag. Zürich . 1975. S87 .8**

**9**.Honore de Balzac. Eugenie Grandet .aus dem Französischen. Gerhard Lorenz. Eduard Kaiser Verlag . Wolfsberg.

..10 . Honoré de Balzac. . www.Wikipedia.de

11. . لۆرکا . سێ تراژیدی. ( یەرما، ماڵی بەرناردائەلبا، مرۆڤی بۆش ). وەرگێرانی ، عەزیز گەردی. چاپخانەی سەلما . چاپی یەکەم . بەغداد. **1984 .**

**12.** زەماوەندی خوێن . لۆرکا . وەرگێرانی عەزیزی گەردی . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . چاپی دووەم . **2002 .**

**Federico García Lorca.www.wikipedia.de. .14 و 13**

Gabriel Garcia Marquez. Chronik eines angekündigten Todes. Aus dem Spanischen von **.15** Curt Meyer-Clason . Kiepenheuer & Witsch Verlag . Köln. 1983.

**16.** شێرزاد حەسەن . ژنێکی منگن . چاپخانەی رەنج . چاپی یەکەم . سلێمانی . **2006 .**

**17.** ئاوات قارەمانی . رێگا باریکەکان . رۆمانە یادداشت . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . سلێمانی . چاپی یەکەم . **2006** . لاپەرە . **430 .**

**Gabriel García Márquez .www.Wikipedia.de.18**